سالانە ٢١ ملیۆن کەس رووی تێدەکەن!

بورجی (ئیڤڵ) مێژوویەک لە جوانی

پاریس- شێرزاد عەبدولڕەحمان

کە دەچیتە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، زۆر شت سەرنجت رادەکێشێ، کە لە هەموویان جوانترو پڕ مێژووتر، بورجی ئیڤڵ و مۆزەخانەی- مێژوویی لۆڤەرە، کە بەشێکی زیندووە لە کەلتووری فەرەنسیەکان و شانازی بەو رابردووەی خۆیان دەکەن.

بورجی ئیڤڵ، دەکەوێتە ناوەڕاستی شارو ساڵانە پتر لە ٢١ ملیۆن کەس لە هەموو دنیاوە رووی تێدەکەن و خۆشترین کاتی خۆیان بەسەردەبەن، ئەندازیاری ئەم بورجە گرنگە، ئەندازیاری گەورە «جۆستاڤ ئیڤڵ»ەو هەر بەناوی خۆشی ناوزەدکراوەو لە ساڵی ١٨٨٩ دروست کراوە درێژی ٣٢٨ مەترو ٨ ملیۆن کیلۆگرام ئاسنی تیدا بەکار هاتووە سێ نهۆمی زۆر گرنگی تێدایەو لە نهۆمی سەرەوە کە دەڕوانێتە هەموو پاریس و هەموو هۆکارێکی حەسانەوە هەیەو

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٤ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

گەشتیاران بە پلیت بۆی سەردەکەون و لەوێوە لە پاریسی دڵی ئەوروپا دەڕوانن کە شەونانوێ و بووە بە پایتەختی داهێنان و جوانی و سیمای ئەڤین و دڵداری و چیرۆکی گەلێک دەگێڕێتەوە کە ژیانپەرستەو تێر نابێ لە جوانیی.

لە هەر چوار دەوری بورجی ئیڤڵ، باخچەو شوێنی گرینگە، لەهەموویان نزیکتر شانۆی نەتەوەیی و گۆڕەپانی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپایە، هەر وڵاتەو نەخشەی خۆی هەیەو ساڵانە لەسەری ساڵ، بەهەزاران دەڕژێنە ئەم گۆڕەپانە کە ئاڵای هەموو ئەندامانی یەکێتی ئەوروپای تێدایە کە دەگاتە ٢٧ وڵات و، لەوێ زانیاری گرنگ لەمەڕ مێژوو و ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەیان تێدایە.

لە بورجی ئیڤڵ، دەیان فرۆشیاری بێگانەی تێدایە کە کەلوپەلی ئیڤڵ و فەڕەنسا دەفرۆشن، جگە لە کتێبخانەی رازاوە، کە کتێب و سەرچاوەی تێدایە بەهەموو زمانەکان.

فەڕەنسییەکان پێیانوایە کە دەبێ «ئیڤڵ» هەمیشە لەنوێبوونەوە دابێ، بۆیە بێجگە لە گوڵ، شەوانە هەر شەوەو بەڕەنگێک نیشانیدەدەن، واتە بورجی ئیڤڵ لەڕووی روناکی، هەر شەوەو رەنگێکەو بووە بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهاتی فەڕەنسا، جگە لەوەی کە گوزارشت لە ژیان و ویست و ئەڤینێکی بێسنوور دەکات

فۆتۆ: جەلال بەیار

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٥ / ٠٨/١١/٢ / 10:26 PM

کێ بەرپرسە لەم هەموو رووداوە . . ڕێگەوبان . . یان هاتوچۆ؟

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر:

٥٠٪ی ئەو رووداوانەی کە رۆژانە لە نەخۆشخانەکەمان تۆمار دەکرێن پەیوەندی بەخراپی ڕێگاوبانەکان و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانەوە هەیە

بەڕێوەبەری هاتوچۆی دەرەوە:

زۆربەی زۆری رووداوەکانی هاتوچۆ پەیوەندی بەخراپیی شەقامەکانی دەرەوە هەیە

ئەمڕۆ هەوڵێکی بێوچان لە ئارادایە بۆ چاککردنی جادەو شەقامەکان ، بەتایبەتی شەقامەکانی دەرەوەی شار، کەچی دەبینین بەهۆی خراپی ئەو جادانە زۆربەی رووداوەکانی هاتوچۆ بەو هۆیەوە رووددەن و ژیانی هەزاران کەس دەخەنە مەترسییەوە ، ئەوەتا (نیاز حەویز) کە ماوەی (١٠) ساڵە نووسەرو ڕێکخەری شوفێرەکانی گەراجی باشوورە لە هەولێر دەڵێ: کەم شوفێرمان هەیە بەهۆی خراپی ڕێگاوبان و کەمی هێما دووچاری پێکان و رووداوی هاتوچۆی نەبووبێ ، چەندینجاریش شوفێرو سەرنشینەکان گیانیان لەدەستداوە بەمەش گرفتێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

راپۆرت: هێمن محەمەد

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٦ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

لەلایەکی دیکەوە مافپەروەر (جەلیل عەبدوڵلا عەزیز) جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر پێیوایە ٥٠٪ی ئەو رووداوانەی کە رۆژانە لە نەخۆشخانەکەیان تۆمار دەکرێت پەیوەندی بەخراپی رێگاوبانەکان و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانەوە هەیە، باشترین نموونەی لەماوەی (٦) مانگی رابردوودا (٩٦) هاوولاتی لە هەولێرو دەورووبەری بەو هۆیەوە گیانیان لە دەستداوەو (٦٣٠) کەسیش بریندار بوونە، **هەروەها لەبارەی جیاوازی ئەو ئامارەی کە لای ئەوان و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دەرەکی هەیە دەڵێ:** لەکاتی هەر رووداوێکی هاتوچۆ ئەمان تەنها زانیارییەکان لەکاتی رووداوەکان وەردەگرن، دواتر بریندارەکان دەگەنە لای ئێمەو زۆربەیان لەبەر سەختی برینەکەیان گیان لەدەست دەدەن، **هەروەها بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە** کە دەبێ شوفێرەکان رێنمایی هاتوچۆ پیادەبکەن، هەروەها لایەنە پەیوەندارەکانیش شەقامەکان بەباشی چاک بکەن و هێمای بۆ دابنێن.

هەر سەبارەت بەو مەسەلە کاریگەرە موقەدەمی هاتوچۆ (کاکل پاشا) بەڕێوەبەری هاتوچۆی دەرەوە پێیوایە زۆربەی زۆری رووداوەکانی هاتوچۆ پەیوەندی بەخراپی شەقامەکانی دەرەوە هەیە لەگەڵ بوونی شوێنی سوڕانەوە کە زۆربەی جار رووداوەکان لە سوڕانەوەکان روودەدەن، لەبارەی هێماکانیش من نالێم کەمە، بەڵکو دەڵێم لەزۆر شوێن هەر بوونی نییە، چونکە هێما قسەکردنە لەگەڵ هەموو کەس، لەبارەی زۆری رووداوەکانیش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوفێرەکان پابەند نابن بە یاساکانی هاتوچۆو لەم رووەوە کەمتەرخەمن، هەربۆیە بەپێی ئامارێکی هاتوچۆی دەرەکی لە ماوەی (٤) مانگی رابردوو واتا لە (٦/١ تا ٢٠٠٨/٩/١) لە رووداوەکانی هاتوچۆ (١٢) هاوولاتی گیانیان لەدەستداوەو (١٤١) کەسی دیکەش بریندار بوونە، هەر بۆ ئەوەش مودەمی هاتوچۆ (کاکل پاشا) ئەو ئامارەی بە زۆر لە قەڵەمدا.

هەر بۆ ئەوەیان ملازمی هاتوچۆ (سیروان شبیب) لە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی هاتوچۆی دەرەوە دەڵێ: بە بڕوای من لە ٩٠٪ی رووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبوونی شوفێرەکان بە یاساکانی هاتوچۆ بەتایبەتی لەکاتی دەرچوونیان لە شەقامەکانی دەرەوەدا، هەر بۆیە دەڵێم زۆربەی رووداوەکان لە شەقامی سەرەکی کەسنەزان بۆ دێگەڵەو دەشتی هەریری روودەدەن، بۆیە پێشنیاردەکەم لەکاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل جگە لە پشکنینی لایت و گلۆپ و هێماو فوسفۆر، پێویستە پشکنین بۆ ژێرەوەی ئۆتۆمبێل بۆ ئەوەی بزاندرێ شایانی ئەوەیە بەڕێگادا بڕوات، هەروەها لەکاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری وەزارەتی تەندروستی تەنها پشکنینی چاو نەکات، بەڵکو لە حاڵەتەکانی دیکەش دڵنیابێت، چونکە شوفێری واهەیە گوێی گرانە یان نەخۆشی درێژخایەنی هەیە وەک (پەرکەم-سەرع) بەوەش ناتوانێ کۆنترۆڵی خودی خۆی بکات.

دواجار ئەندازیار (کامەران شێروانی) بەڕێوەبەری رێگاوبانی هەولێر بۆ کەمی و نەبونی هێماکانی هاتوچۆ دەڵێ: بۆ گشت رێگاکان پێشتر هێماکان دانراون، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی و سەرپێچی شوفێران زۆربەیان شکێنراون وەیان لەلایەن خەڵکانی نەفام هەڵگیراون، **ئاماژەی بەخەڵکانی نافام کردو گوتی:** وێنەمان لەلایە لەسەر رێگای هەولێر خەبات بۆ شوفێر کە هێمایەکە هاتوچۆ لادەدرێت.

سەبارەت بە درەنگ نۆژەنکردنەوەی شەقامە تێکچووەکان گوتی: چاکردنەوەی رێگاوبانەکان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە نییە، بەڵکو کاری ئێمە تەنیا دروستکردنی رێگاکانە.

بەڕێوەبەری رێگاوبان ئاماژەی بە سیستەمی هاتوچۆ کردو گوتی: پێدەچێت بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێر هێشتا پێویستیمان بە یاساو رێساو رێنمای توندتر هەبێت، هەروەک لە وڵاتانی رۆژئاوا هەیە، بۆ وەڵامی زۆربوونی رووداوەکان **بەڕێوەبەری رێگاوبان زۆری ئۆتۆمبێل و پابەندنەبوونی هەندێ لە شوفێرەکان و خێرا لێخوڕین بەهۆکار زانی گوتی:** هەندێ لە رێگاکان خراپن و یەک سایدن.

بەهۆی خراپی ئەو قەیرانەی کە رێگاکانی پێ قیرتاو دەکرێن و درەنگ نۆژەنکردنەوەی ئەو چاڵانەی لە شەقامەکانی دەرەکی لە ئەنجامی بار قورسی ئۆتۆمبێلە بار هەڵگرەکان دروستدەبن، و نەبوونی کەمی هێماکانی هاتوچۆو یەک سایدی زۆرێک لە شەقامەکانی دەرەکی زۆرێک لە ئازیزەکانمان بەهۆی وەرگەڕان و پێکان و لادان لە شەقامی سەرەکی دووچاری کارەساتی دڵتەزێن هاتوون، ئەو هاوولاتییانەی رۆژانە بە شەقامە دەرەکییەکان گوزەر دەکەن باس لە ترسی خۆیان دەکەن دەڵێن شەقامەکان تەمەنیان گەلێک کۆنە.

جەلیل عەبدوڵلا

کاکل پاشا

کامەران شێروانی

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٧ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

ئایا گۆڕانکاری لە دراوی عێراقی دەکرێت؟

مامۆستایەک:

لابردنی سفرەکانی دراوی عێراقی بەهای شتومەک زیاد دەکات

قوتابییەک:

لابردنی سفرەکانی دراوی عێراقی بەهاکەی بەرزدەبێتەوە

ماوەیەک لەمەوبەر لە میدیاکانی ناوەوەو دەرەوە گوێبیستی هەواڵێکی ئابووری بووین لەمەڕ گۆڕانکاری لە دراوی عێراقی و لابردنی سفرەکانی دراوی عێراقی بۆ ئەوەی ئەو دراوە سەرلەنوێ بەنرخ بێتەوەو ململانێی دراوە بەهێزەکانی دیکەی جیهان بکات، لەم رووەوەش بە چاکمانزانی رای چەند کەسێکی تایبەت بە بواری ئابووری وەربگرین و بزانین ئاخۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە تا چەند لە قازانجی ئێمەو دراوەکەماندایە؟ ئایا ئەمەیان تەنها قسەیەکی راگەیاندنەکانە یان لە داهاتوودا هەنگاوی جیدی و عەمەلی بۆ دەهاوێن، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری سەر بە زانکۆی سەلاحەدین رای مامۆستاو قوتابییانمان وەرگرت.

راپۆرت و وێنە: سەرهەنگ نەجمەدین

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٨ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

لوقمان عوسمان

سەرەتا مامۆستا لوقمان عوسمان لە بەشی ئابووری گوتی: لەدوای رووخانی رژێمی عێراق کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق هاتەپێشەوە، لەناو ئەو گۆڕانکارییانەش سیاسەتی ئابووریش گۆڕانکاری بەسەرهات، یەکێک لەوانەش بریتی بوو لە گۆڕانی سروشتی ئەو دراوەی کە جاران لە ئالو وێردابوو، لەنێوان کڕیارو فرۆشیار، ئەگەر سەیری دیناری عێراقی بکەین دەتوانین بڵێین یەک بوو بە هەزارو پێنج بوو بەدە هەزار ، جا ئەمە بوو کە گۆڕانکاری بەسەر دراوی عێراق هات پاش رووخانی رژێمی عێراق ، مەبەستیشیان ئەوەبوو کە دراوی عێراقی تەوحید بکەن بۆ ئەوەی سەرتاسەری عێراق کاری پێبکات.

بۆیە دەڵێم ئەوانەی کە بریاری گۆڕینی دراوی عێراقیان دابوو خوێندنەوەیەکی پێشینەیان هەبووە بۆ باشترکردنی توانای بەرهەمداری

ڤینا رەحیم

عێراقی بەهەموو پێکهاتەکانی لابردنی ئەو سفرانەی دراوی عێراقی دەبێ هەنگاوی زیادکردنی بەرهەمداری عێراقی بەدوابێت، ئەگەرنا لابردنی سفرەکان بەهیچ شێوەیەک دەرئەنجامی باشی لێناکەوێ و حاڵەتەکەش هەر لە شوێنی خۆی دەوەستێ و باشتری ناکات..

مامۆستا ئیدریس رەمەزان لە بەشی دارایی و بانک سەبارەت بە لابردنی سفرەکانی دراوی ئێستای عێراقی گوتی: لەڕاستیدا لابردنی سفرەکانی دراوی عێراقی بەڕای من بەهای هێزی کڕینی شتوومەکەکان زیاد دەکات لەبازاڕەکاندا، چونکە ئێستا دراوی عێراق بەهیچ شێوەیەک هیزی نەماوە بەهۆی زۆری ژمارەی سفرەکانی لەسەر دراوەکانماندا، جا بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ئێستا کاتێکی لەبارو گونجاو نییە بۆ لابردنی سفرەکان، چونکە زۆر کاری پێویستی دی هەیە ئێمە دەبێ رووبەڕووی ببینەوە لەوانەش تا ئێستا مادەو یاخود

ئاسۆ دارا محەمەد ئەمین

دەستووری عێراقی جێبەجێنەکراوە، بۆیە پێمباشە سەرەتا کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین ئینجا بێین کێشەی دیناری دراوی عێراقی چارەسەر بکەین.

قوتابی قۆناغی سێیەم هیمداد زرار گوتی: دیارە لابردنی سفرەکانی دراوی عێراقی دەبێتە هۆی ئەوەی کە دراوەکەمان نرخەکەی بەرزبێتەوە بەبەراورد لەگەڵ دراوی وڵاتانی دیکە، وەک ساڵانی پێشوو کە دراوی ئێمە بەهایەکی بەرزی هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا دراوی ئێمە ئەو بەهایەی نەماوەو هێزەکەی دابەزیوە لەبەرامبەر دراوی دۆلار و یۆرۆ دراوەکانی دیکە، ئێستاکەش کاتەکە لەبار نییە بۆ ئەو کارە، چونکە زۆر گرفت چارەسەرنەکراون بەهۆی گرانی نرخی دراوی بیانی لەبازاڕەکاندا.

خاتوو ڤینا رەحیم قوتابی قۆناغی سێیەم بەشی ئابووری گوتی: لابردنی سفرەکانی دراوی عێراق سوودێکی ئابووری باشی هەیەو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دراوەکە لەنێو بازاڕەکانی جیهاندا.

ئیدریس رەمەزان

ئەو کارەش لە ئان و ساتەدا لەبارو گونجاو نییە، چونکە گرفتی دراو و قەیرانی ئابووری هەموو جیهانی گرتۆتەوە، ئەگەر بکرێ کاتێکی دیکە ئەو کارە بکرێت باشترە، دەبێ ئەوەش بزانین ئەو کارەش دوای رووخانی رژێمی سەدام بنەڕەتی لە عێراق بکات لە هەموو رووبەکەوە هەروەک تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٥) توانی گۆڕانکاری لە دراوەکەی بکات و سفرەکانی سەر لیرەی لابرد.

قوتابی قۆناغی سێیەم ئاسۆ دارا محەمەد ئەمین سەبارەت بەو مەسەلەیە گوتی: بەدڵنیاییەوە هەنگاوێکی لەو شێوەیە کاریگەرییەکی باشی دەبێت بەسەر بوژاندنەوەی ئابووری عێراق و کاریگەرییەکی ئەکتیڤی دەبێت لەسەر ئاستی بژێوی تاکی عێراق بە کوردستانیشەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ ئەو کارە، چونکە بارودۆخی عێراق وردە وردە بەرەو

هیمداد زرار

باشی هەنگاو دەنێت و عێراق دەکەوێتە سەرپێی خۆی، ئەو گۆڕانکارییە بکرێت لە قازانجی ئێمەدا دەبێت.

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٩ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

ئایا کارگەکانی قیڕی کوردستان، دەتوانن قیڕ بنێرنە دەرەوەی هەرێم؟

هێرش کۆکۆیی:

کارگەی قیڕی بەستۆرە لە ماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا نزیکەی (١٣٥) هەزار تەن قیڕی بەرهەمهێناوە

لە کوردستان گەلێک کارگەی قیڕ هەن کە ڕۆژانە قیڕ بۆ جادەو شەقامەکان دابین دەکەن، یەکێک لەوانە کارگەی قیڕی بەستۆرەیە کە ماوەی (٣٥) کیلۆمەتر لە شاری هەولێر دوورە، ئەو کارگەیە وەک حاجی (بورهان کاکۆ حەبیب)ی بەڕێوەبەری کارگەکە گوتی: ئەم کارگەیە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن کۆمپانیایەکی مارینی لە ئیتاڵیا دروستکراوەو ساڵی ٢٠٠٥ هاتە لای ئێمەو ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراو لە ساڵی ٢٠٠٧یش دەستی بەبەرهەمهێنان کرد، ئەم کارگەیە سەر بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە، بەڵام ئێستا کار بۆ پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر دەکەین.

حاجی بورهان باسی لە پێکهاتەکانی قیڕکردو گوتی: پێکهاتە سەرەکییەکانی قیڕ پێکهاتووە لە قیڕی شل و قوم چەگڵ و بەردی فلەر، سەبارەت بەقیڕی شل بەزۆری لە پاڵاوگەی بێجی دێت، هەرچی ئەوانەی دیکەشە ئەوا لە پاڵاوگەی بێجی دێت، هەرچی ئەوانی دیکەشە ئەوا لە هەولێر دابین دەکرێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی قیڕی جاران باشتر بوو بەرگەیەکی زۆری دەگرت و عومریشی درێژ بوو گوتی: ڕاستە هەر لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەو پرسیارە دەکرێ، بەڵام ٦٠٪ی هۆکارەکە قیڕە شلەکەیە، ئەوەی دیکە ئەو جادەو شەقامانە ئۆتۆمبێلی بار قورسی بەسەردا دەڕوات بەپێی یاساش نابێ ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر لە ١٥ تەن زیاتر بار بکات، بەڵام بەداخەوە دەبینین زۆر کارگەی دیکە هەن پتر بار دەکەن و گوێ بەو یاسایە نادەن، بۆیە شەقامەکانمان دوای قیڕتاوکردن

أسماء الألوان / بةدوا داچوون / الصفحة: ٦٠ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

عومری کورت دەبێت و هێندە نامێنێتەوە، **هەر لەبارەی بەرهەمەکانی ئەو کارگەیە**

حاجی بورهان گوتی: بەرهەمی ئەم کاریگەیە نزیکەی دوو هەزار تەن قیرە بەرهەم دێنێت کەچی لە زستان تەنها دەتوانین هەزارو پێنج سەد تەن بەرهەمبێنێت، بەڵام لە هەقیقەتداو لە تەسمیمی کارگەدا هاتووە کە لە هەر کاتژمێرکدا دەبێ ٢٦٠ تەن قیرە بەرهەمبهێنێت

، بەڵام ئێمە حەزناکەین ئەم کارگەیە زۆر ماندوو بکەین، چونکە تاکە کارگەیە لە کوردستان و ٦٠ کارمەند کاری بەردەوامی بۆ ماوەی (٨ تا ٩) کاتژمێر کاری تێدا دەکەن.

ئێمە لە مانگی (٦)ی ٢٠٠٨وە تا ئەمڕۆ نزیکەی ١٣٥ هەزار تەن قیرمان بەرهەمهێناوە بەهۆی هێزو توانای ٤٠ کرێکاری فەرمی و ٢٠ کرێکاری کاتی کە بەشێوەی رۆژانە لای ئێمە کاردەکەن.

لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا بەهۆی هەر هۆکارێک بێت ئەگەر قیری شلیان بەدەستنەگەیشت ئەمان چ رێگایەک دەگرنەبەر حاجی بورهان گوتی: ئێمە بۆ ئەم مەبەستە بە هەزاران تەن قیر خەزن دەکەین لەوەرشەکان، چونکە پارسال بەهۆی بارودۆخی نائارامی بێجی گرفتی قیری شلمان بۆ دروست بوو، بەڵام ئەمسال ئەم گرفتەمان نییەو بە بەردەوامی قیرمان پێگەیشتووەو کاری بەردەوامان کردووە.

حاجی بورهان ئەوەشی گوت: ئەگەر داوایان لێبکرێ دەتوانن قیری کارگەکەیان بنێرنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی موسڵ و کەرکووک، چونکە سروشتی قیر وایە بەرگەی شوێنی دوور ناگرێت و زوو سارد دەبێتەوە، بەڵام ئێستا زیاتر قیرەکان بۆ پێداویستییەکانی خۆمان بەکاری دەهێنین.

بۆ پێداویستییەکانی کارکردنیش حاجی بورهان گوتی: شوفەڵ و فاریشەکان هی خۆمان، بەڵام ئێمە قەلابەکانمان بەکرێ گرتوون بۆ گواستنەوەی قیرەکان و کرێکەشی بەپێی دووریی و نزیکی شوێنەکان دیاری دەکرێت .

راپۆرت : محەمەد سەعید کوردە
وێنە: فازڵ فەرامۆش

سەرنج

لە ژمارە(٤٨٢)ی گۆڤارەکەتان کە لە رۆژی (٢١/تشرینی یەکەم/٢٠٠٨) دەرچووە بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی «پارکی شانەدەر... هێمایەک بۆ دوێنێ... چێژێک بۆ ئەمڕۆ... سەرەتایەک بۆ سبەی».

چەند هەڵەیەکی تێدایە هیوادارم راستییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاوبکرێتەوە.

لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆ هاوکاریتان:

١- لە بابەتەکەدا هاتووە(پارکی شانەدەر بە بڕی(٦) ملیار دینار دروستکراوە) راستییەکەی(پارکی شانەدەر بە بڕی(٤) ملیار دینار دروستکراوە).

٢- لە بابەتەکەدا هاتووە(لە قۆناغی دووەم بۆ ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی بڕی(٤) ملیاری بۆ تەرخانکراوە) راستییەکەی(لە قۆناغی دووەم بۆ ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی بڕی(٢) ملیاری بۆ تەرخانکراوە).

٣- لە بابەتەکەدا هاتووە(ئێستاکەش٩٥٪کارەکان ئەنجامدراوە)راستییەکەی(لە سێیەم رۆژی جەژنی رەمەزانەوە ئەم پارکە کرایەوە بۆ هاووڵاتییان).

٤- لە بابەتەکەدا هاتووە(بۆ نموونە ئێستا لە رێگای کەسنەزان لە نزیک مزگەوتی مەولانە خالد پارکێک بڕی(٧) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە) راستییەکەی(بۆ نموونە ئێستا لە رێگای کەسنەزان لە نزیک مزگەوتی مەولانە خالد پارکێک بڕی(١) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو ئیحالە کراوە بۆ بەڵێندەر بۆ جێبەجێکردن).

لەگەڵ رێزماندا

ئەندازیار

نەوزاد ئەدهەم بەهرام

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان

٢٠٠٨/١٠/٢٢

أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٦١ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM

راوێژکاری وەزیری کارەبا بۆ

لەناوەڕاستی مانگی داهاتوو یەکەی چوارەمی وێستگەی هەولێر دەکەوێتەکار

ئەمڕۆ کارەبا بۆتە لایەنێکی گرنگی گوزەرانی هاوولاتییان و بەردەوامیش پرسی کارەبا یەکێکە لە بابەتەکان گفتوگۆو مقۆمقۆکانی ناو هاوولاتییان، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە کە ئێستا وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای چەند پرۆژەیەکەوە، چەند وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای لەهەر سێ شاری (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دادەمەزرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەی مایەی نیگەرانییە گرتنی ئەو ٣٦ سندوقەیە لەلایەن وڵاتی تورکیاوە کە هەموو سندوقەکان پێداویستی و کەلوپەلی وێستگەکانن، هەر بۆیە لێرە بەدواوە (دڵشاد محەمەد شاکر) راوێژکاری وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو لایەنانە روونەدەکاتەوە.

راپۆرت: محەمەد کارێزی

وزەی بەرهەمهێنانی کارەبا

دڵشاد محەمەد شاکر سەبارەت بە وزەی بەرهەمهێنانی وزەیی لە هەرێمی کوردستان گوتی: ئێمە سێ پرۆژەمان لە جێبەجێکردندایە، پرۆژەی گازی هەولێر کە سێ یەکەی تەواو بووە کە ئێستا سێ یەکەی تەواو کاردەکات نزیکەی (٣٠٠-٣٥٠) مێگاوات کارەبا دەدات، دووەمیان پرۆژەی سلێمانی کە لە چەمچەماڵە توانا کەی (٧٥٠) مێگاواتە لەژێر جێبەجێکردندایە کە یەکەی یەکەم و دووەمی قۆناغێکی باشی بڕیوە دەتوانین بڵێین لە کۆتایی ئەمساڵدا قۆناغی یەکەمی تەواو دەبێت کە دوو یەکەیەو (٢٥٠) مێگاواتە، پرۆژەی سێهەم وێستگەی دهۆکە کە تواناکە (٤٠٠)مێگاواتە لەژێر جێبەجێکردندایە، هەرچەندە پرۆژەکە دواکەوتبوو کە پێویست بوو لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو بێت و (٢٠٠) مێگاوات کارەبا بدات، بەڵام پرۆژەکە دواکەوت.

بارودۆخی کارەبا

دەربارەی بارودۆخی کارەباو ئەو خشتەیەی کە ئێستا رۆژانە لەناو شاری هەولێر جێبەجێدەکرێت لەنێوان کارەبای نیشتمانی و موولیدە ئەهلییەکان راوێژکاری وەزارەتی کارەبا گوتی: وێستگەی گازی هەولێر سێ یەکەی کاردەکات دەتوانین بڵێین بەتێکڕا رۆژانە (٣٢٠) مێگا دێتە ناو کارەبای هەرێمەوە، هەرسێ یەکەکە لەسەر گازی سروشتی کاردەکات کە پرۆژەی (دانا گازیش) تەواوبوو دەتوانێت ئەو سێ یەکەیە کار پێبکات، ئومێدەوارین یەکەی چوارەمیش لەناوەڕاستی مانگی داهاتوو بکەوێتە کارو تێکەڵی تۆڕی کارەبای هەرێم بێت، لەڕاستیدا ئەو بڕە کارەبای لەم وێستگەیە دێتە بەرهەم لە ئێستادا لەگەڵ ئەو بڕە کارەبایەی کە لە تۆڕی نیشتمانی عێراق وەریدەگرین، هەرچەندە بڕەکەی (٧٥)مێگاوات کەمکردۆتەوە کە جاران (٢٠٠) مێگاواتمان وەردەگرت، بەڵام ئێستا (١٢٥)مێگاوات کارەبا وەردەگرین.

ئێستا توانراوە بەو بڕە کارەبایە لە ئێستادا رۆژانە (١٥) کاتژمێر کارەبای نیشتمانی بۆ هاوولاتییان دابین بکرێت، کە دەڵێم لە ئێستادا جیاوازی هەیە لە ماوەیەکی دیکە، چونکە ئێستا هاوولاتییان کەمتر کارەبا بەکاردەهێنن لەم وەرزەدا، پێویستیان نییە بەبەکارهێنانی ئامێری ساردکەرەوە یان ئامێری گەرمکەرەوە، چونکە پلەی گەرما بەڕادەیەکی ئاساییە بۆ ئەوەی پێویستیت بە بەکارنەهێنانی ئەو ئامێرانە بێت، بەڵام لە داهاتوودا ناتوانین بڵێین کە کارەبا بەو کاتژمێرەی ئێستا دابیندەبێت، بڕە کارەبا کە دابیندەبێت و ناگۆڕێت بەڵکو بڕی کارەباش زیاد دەبێت، هیوادارین هاوولاتییان لە وەرزی زستاندا لەجیاتی سوتەمەنی کارەبا بەکارنەهێنن بۆ ئەوەی بتوانین کارەبا باشتر بدەینە هاوولاتییان.

وێستگەی چەمچەماڵ

وێستگەی چەمچەماڵ ئێستا قۆناغی کارەکانی لەژێر جێبەجێکردندایە، راوێژکاری وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم پرۆژەیە روونیکردەوە: ئێمە ئومێدێکمان ئەوەیە کە لە کۆتایی ئەمساڵدا یەکەکان بە دوای یەک بکەوێتە کارکردن، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە کێشەیەکمان هەیە کە ئەویش (٣٦-٣٧) سندوقی کەرەستەو پێداویستی ئەو یەکانە لە بەندەری (مەرسین) دەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن وڵاتی تورکیاوە کە بۆ ماوەی چوار مانگە، کە تەنها لەبەرئەوەی لەسەر سندوقەکان نووسراوە (کوردستان) لەڕاستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری کارەبای هەرێم هەوڵێکی زۆر دەدەن کە ئەو سندوقانە بگێڕنەوە ناو هەرێمی کوردستان و کاری یەکەکانی پێ تەواوبکەین، چونکە چەند گەیشتنی ئەو سندوقانە دوابکەوێت کارەکانی ئێمەش دوادەکەوێت لە وێستگەی چەمچەماڵ.

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٦٢ / ٢/١١/٠٨ / 10:26 PM